# منیش لە سەر شەهید کردنەکەی (دوعا) قسەم هەیە

دکتور فایق محەمەد گوڵپی

لـە سـەردەمی خـەباتی چـەکداریدا، برادەرێکـی پێـشمەرگەم هـەبوو، ئەنـدامی کومەڵـەی رەنجـدەرانی کوردستان بوو وخۆی بە مارکسیەکی تەواو دەزانی، ئەیوت من لە تێروانینمدا لە سەر هەموو چەمك و دیاردەکان مارکسیم، بەڵام دەربارەی کێشەی ماف و ئازادی ژن مارکسی نیم. ئەو برادەرەی مـن کـادرێکی ناسراوی ئەو کاتە و ئێستەی(ینك)ە، پیـاوێکی دڵسۆز و سـادەیە، لـە دڵسۆزی و سـادەیی خۆیـەوە نـاخی خۆی بۆ من و بۆ برادەرانـی تـر واڵا دەکـرد. لـەو کاتـەوە زۆر قـسە هـەن لـە بیرچـوونەتەوە، بـەڵام ئـەم قسەیەی ئەو برادەرەم لە بیرنەکردووە، ئەم قسەیە بۆیـە هێنـدە کاریگـەری لـە سـەرم دانـا، پـێم وابـوو ئـەوەی ئـەو باسـی کـردووە راسـتیەکە و دیاردەیـەکی گـشتیە، لـە بـەر ئـەوەی هـیچ کـام لـە حزبـەکان نەیانتوانیوە زهنیەت و پراکتێکی ئەندام و کادرەکانی خۆیان دەربارەی کێشەی ژن بگۆڕن، ئەگـەر چـی حزبە کوردستانیەکان بە لێدوان و بە نوسین خۆیان بـە پێـشکەوتنخوا و ئـازاد و دیمـوکرات ناسـاندووە، بەڵام بە پراکتیکی کاتێك کێشەیەکی کومەڵایەتی-رەگەزیان بەروەروبۆتەوە، وەك سـەرۆك خێـڵ و مـەلا و قەشە هەڵسوکەوتیان کردووە. بۆیە لە راستیدا تەنها ئەو برادەرەی من بۆچـونی لـە سـەر کێـشەی ژن وانـەبوو، بـەڵکوو ئەنـدام و کـادر و سـەرکردەکانی حزبـە مارکـسی و کولکـە مارکـسیەکانی ئـەو کـات و ئەمرۆش، ئەندام و کـادر و سـەرکردەکانی حزبـە کۆلکـە علمـانی و دیموکراتـەکانی ئـەمرۆش، هـەر وەك ئەو برادەرەی من لە سەر بابەتی ماف و ئازادی ژن بیر دەکەنەوە و بریار ئەدەن و هەڵسوکەوت دەکـەن، بەڵام جیاوازی نێوان ئەو برادەرەی من و ئەوانی تر(کـادر ..) ئەوەیـە، برادەرەکـەم مرۆڤێکـی سـادەیە و دڵـی بـێ گرێیـە و هـەر تێروانینێکـی هـەبێت لای دۆسـتەکانی باسـی دەکـات، ئـەم جـۆرە کەسـانەش بـە درکاندنی راستیەکان سوود بە خۆیان و بە کومەڵگاکەیان دەگەیەنن، ئەندام و کادرو بەرپرسەکانی تری حزب و ئەدەبیاتی حزب، کەسانی سادە نین و دڵیان چەندان گرێکوێرەی تێدایـە، ناخیـان بـۆ کـەس واڵا ناکەن و لەگەڵ کومەڵگاکانی خۆشیاندا کراوە نین، نەك هەر سوودیان بـۆ خۆیـان و کومەڵگاکـەیان نیـە، بەڵکوو بەردەوام کێشە کومەڵایەتیەکان بەروە ئاستەنگی و بنبەست بوون دەبەن.

مەبەستم لە هێنانەوەی ئەم یادەوەریە ئەوەیە کە پەیوەندیەك لە نێوان قـسەکانی سـاڵانی هەشـتاکانی ئەو برادەرەم و شەهیکردنی ساڵانی دوو هەزارەکانی (دوعـا)دا درووسـت بکـەم. ئەگـەر چـی وا خەریکـە نزیکەی بیست و دوو ساڵ بەسەر قسەی برادەرەکەمـدا تێپـەڕدەبێت، بـەڵام ئـەوەی لـە شـەهیدکردنی !! ئــەو کــچە بــێ تاوانــەدا بینــیم، ئــەوە نیــشاندەدات کــە بەرپرســانی حزبــە دیمــوکرات و سوســیاڵ دیموکراتــەکان، بەرپرســەکانی حکومــەتی هــەرێمی کوردســتان و رێکخراوەکــانی کومــەڵگای مــەدەنی، بەرپرسەکانی رێکخراوەکانی داکۆکیکەری ماف و ئازادی ژن، هەر هەموویان دەربـارەی چـەمك و دیـاردە سیاسی و کومەڵایەتی و رەگەزیەکان!!(جەندەریەکان!!) خۆیان بە دیمـوکرا ت و پێـشکەوتنخواز دەزانـن، بەڵام دەربارەی ماف و ئازادی ژن هەر هـەموویان تـا ئـەمرۆش وەك ئەوکاتـەی برادەرەکـەی مـن وان(لـە هەموو شـتێکدا مارکـسین بێجگـە لـە مەسـەلەی ژنـدا)، لەگـەڵ یـەك جیاوازیـدا کـە ئـەوان تـا ئـەمرۆش هێنـدەی ئەوکاتـەی برادەرەکـەی مـن ئـازا و دڵپـاك نـین تـا بتـوانن بـروا و هەڵوێـستی خۆیـان لـە سـەر

چەمکی ئازادی ژن ئاشکرا بکەن. هڵسووکەوتی وەحشیانەی خێل و ئاین لەگەڵ دوعا، پشتیوانی دەسەڵات بۆ ئەو جۆرە هەڵسووکەوتانە، دەمامکی ڕووی کۆنەپەرستانەی بەرپرسانی حکومەت و پەرلەمان و دادوەری وحزبە دەسەڵاتدارەکانی داماڵی و پێی وتن، لە سەر بابەتی ماف و ئازادیەکانی ژنان ئێوە هەڵگری چەمکی ئازادی و دیموکراتی نین، شەهیدکردنی دوعا پێوتن لە سەر ماف و ئازادی ژن، تێڕوانینتان وەك تێروانینی راهیبەکانی سۆمەر و سەرەك خێڵەکانی بیابانی عەرەب و رابەرانی ئاینە تاك خوداییەکان وایە.

2007-4-27